**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٥ لە ٢٠٢٣/١/٢**

ئامــاژە بە کۆنووســی کۆبــوونەوەی هاوبەشــی وەزارەتمــان لەگەڵ نــوێنەری بەشــی مــۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتییەکــانی هــاتووچۆی (دهۆکــو ســلێمانی و هەولێــر ) لە ڕێکەوتــی (٢٠٢٢/١٢/٧) بە مەبەســتی پێــداچوونەوە بە ڕێنمــایی ژمــارە (٣) ی ســاڵی ٢٠٢٢ و کێشــەکانی هــۆبەی مــۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان بریارماندا بە دەرچوواندنی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەموارکردنەوەی (ماددەی چوارەم/ یەکەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: مۆڵەتی شوفێری ماتۆرسکیل:

١- مۆڵەتی جۆری :(A1) ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسکیل بکات ،کە قەبارەکەی لە (40CC)زیاتر بێت تا (12OCC) وتەمەنی (١٦) ساڵی تەواو کردبێت.

٢-مۆڵەتی جۆری :(A) ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسکیل بکات ،کە قەبارەکەی لە (40CC)زیاتر بێت وتەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت.

٣- ماتورسکێلی کارەبایی هەمان بڕگەی (١) سەرەوە لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

٤- ماتورسکێلی جۆری (هجین) هەمان ڕێکارەکانی بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە لەسەر جێبەجێ دەکرێت

**دووەم:** هەموارکردنەوەی (ماددەی چوارەم/سێیەم/٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

مۆڵەتی جۆری (D1): ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری پاس بکات کە لە (١٦) سەرنشین لەگەڵ شوفێر زیاتر نەبێت و درێژی پاسەکەی لە (٨) مەتر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەربانەیەك کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت رابکێشێت و پێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆڵەتی جۆری (B) بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبووبێت.

**ماددەی (٢):**

**هەموارکردنەوەی (ماددەی شەشەم/١و٢) بەم شێوەی خوارەوە:**

**١-**بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر داواکارییەکی مۆڵەتی شوفێری.

٢- بڕی (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە پێدانی فۆرمی مۆڵەتی شوفێری بۆهەموو جۆرەکانی وە هەر جۆرە مامەڵەیەکی تر.

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی حەوتەم) بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی (٧):

یەکەم /گۆرینی مۆڵەتی شوفێری بیانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت

١-مۆڵەتی شوفێری بیانی جۆرەکانی (A) و(B) و (BE) دەگۆردرێت بۆ مۆڵەتی نوێی شوفێری لە هەرێم و تەنها بۆ ماوەی یەك ساڵ کاری پێ دەکرێت .

٢- دوای تەواوبوونی ماوەی بڕگەی (١)ی سەرەوە پێویستە کەسی بیانی مۆڵەتی شوفێری نوێ دەربکات بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە و مۆڵەتی شوفێری لە جۆرەکانی (A) و(B) و (BE) بەپێی ماوەی نشینگەی پێی دەدرێت .

٣- پێویستە کەسی بیانی بڕی پارەی دیاری کراو لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (شەشەم) بدات

٤- فەرمانبەرانی بیانی کونسوڵگەرییەکان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە جگە لە کونسوڵگەرییە فەخرییەکان مۆڵەتی شوفێریان پێ دەدرێت بەپێی بڕگەکانی (١و٢) ئەم ماددەیە

دووەم /پێویستە کەسی بیانی نشینگەی فەرمی هەرێمی کوردستان هەبێت و بەسەر نەچووبێت.

**ماددەی (٤):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی یانزدەیەم/٤) بەم شێوەی خوارەوە:

٤-مۆلەتی شوفێری جۆری تاکسی دەردەکرێت بۆیەکەم جار یان نوێ دەکرێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە

أ- پێویستە پێشتر مۆڵەتی لە جۆری (B) هەبوو بێت و ساڵێکی بەسەردا تیپەربوو بێت.

ب- تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت.

ج- دەستەواژەی (TAXI) لەسەر پشتی کارتی مۆڵەت دەنووسرێت لە شوێنی تێبینیەکان وەك ئاماژەیەك بۆ مافی خاوەنەکەی بۆ کارکردن وەك شوفێری تاکسی.

د. گۆرینی مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (B) بۆ تاکسی تاقیکردنەوەی تیوری وپراکتیکی ناوێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**